# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

**ژمارە - یەک - ٢١ی بەفرانبار ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

**هیوا بەیرامی**
**سارا سادقزادە**
**ناسر فەتحی**
**مریەم قازی**
**سارا سوڵتانی**
**شەرمین ساڵحی**
**سارا قوربانی (هەوراز)**
**ڕەحمان جەنگ**

**تیۆری:**

**مریەم قازی**

**چیرۆکی میوان:**

**سروە مەجیدی**

**ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

RAWEZHISM


# «ئەوان زوو زوو دێنە خەونی من و تۆوە»

من خۆم چیرۆکم و هەر لەسەرەتاوە دەگەڵ ستانداردەکانی کەسایەتێکی راستەقینەی ناو کۆمەڵگاکاندا رێک نەکەوتوومەتەوە، پێموابێ واباشتر بوو کارێکتان کردبا ببمەوە کەسایەتێکی ئاسایی کە فرم بەسەر ئەدەبیات و چەک و چۆڵ و برین و رێگا و خەون و خولیاوە نەبێ! بۆ وا دەڵێ ؟ کوێڕا بەر لە وەی چیرۆکەکە دەسپێبکرێ خۆی وەدەنگ هات؟؟؟ هەڵبەت بۆ ئەو ئاساییە. ئەو کە هیچ شتێکی ئاسایی نیە و کارێکی وایکردووە ئیتر کار لە دەسخۆم بترازێ، دەترسم ئێستا کە لێرەیە هەرچی بینووسم هەو نەبێ و خێڕا وەدەنگ بێ و تەواو وەدرۆم خاتەوە و ئەوسا هەرکات لە سەر چەقی مێژووی ئەدەب راوەستام ئاماژەم پێبدەن و بە فشەوە بڵێن ئەوەتا، ئەوەتا چیرۆکنووسە درۆزنەکە..... ئیتر ئەوان هیچ نازانن تا بزانن من دەبێ بە راستی نەهێنی ئەوان و تۆش خەیانەت بکەم تا بە دەقی خۆم وەفادار بمێنمەوە.

من ناتوانم ، ناوێرم هیچ بنووسم ، هیچ! ئەوکاتی تۆ لە سەر قوڵترین گۆمی دنیا پێاسە دەکەی من خەریکی بژاردنی ئەستێرەکانی ئاسمان دەبم کە یەکە یەک چاوم لێداگرن و دەتریقێنەوە، من خەریکە بە دیار رستەیەکەوە ژان دام گرێ و تۆش لە گۆڵەبەرۆژەکان لێپێچینەوە دەکەی کە لە سیلەی چاوت دەگەڕێن و نایگرنەوە، تۆ هیچکات لە شەقام و کۆڵان پەیاسە ناکەی و من باڵا کورتتر لەوەی کە بتوانم سەر لە هەوڕان هەڵبڕم کە بە درێژایی رێچکەی پێشوێنەکانت دەبارێنن و دەگرمێنن، من بڕیار نیە بمێنمەوە، دوو ئاسکە کێوی لغاوە دەکەم و گۆڵە ئەتڵەسێک لەبەر یەک دەکێشموە و بە شوێن تۆدا دەفڕم تا بگەمە تەشقی ئاسمان بوویەتە برووسکە و قەمچییان دادەگژێنێ سەر هەرچی هەوری نەزۆکە ، ئاورینگی جووڵەکانت دەریا دەریا شەپوڵ ساز دەکەن و بۆنی ئاو کتووپڕ سەر لە خۆم و ئاسکەو کێوێکان دەشوێنن و دیسان وا هەڵدەدێڕێم کە تا چەن چرکەیەک دەگەڵ وەی کە لە خەو راچەنیوم ناوێرم چاوم هەڵێنم ، سەرمامە لە بەر پەنجەرەکەوە لەسەر موبڵەکە راکشاوم پەتۆکەم لێبۆتەوە و پەنجەرەکەش کراوەتەوە نازانم دەگەڵ تۆ چ بکەم چۆنت وەدەنگ بێنم؟دڵم نایە نا دڵم نایە هیچکات تۆ ناسپێرمە دەس کەس... تەنانەت ئەگەر هیچکات وەدەنگ نەیەوە و هەموو شەوێک بەهەزاران رۆحی سەرگەردان دەورەم دەن و تێم هەڵپێچن کە بۆ واز ناهێنم؟ واز ناهێنم نا چونکە بۆخۆشت ناتوانی دەس لە من هەڵگری و هەموو شاهیدین تا ئێستا لەو رۆژەوەکە پچڕ پچر لە دەست منیان دەرهێنای و بردیانی و ناشتیانی هێشتا کەس نەگەڕابۆوە کە تۆ خۆت گەیاندبۆوە ئێرە، هەر لەسەر ئەو موبڵە پانەی تایبەت بە خۆتە و رێی دوور و نزیکی منیشە. ئێستا لەورۆژەوە تۆ لێرەی و پەردەکان

دادراونەتەوە و کەس ئەم بڕیارەی من ناسەلمێنێ کە هیچکات مردن زەفەر بە دنیای من و تۆ نابا.ئەوان ئیتر بۆ من و تۆ ئاسایی بوون کە بەردەوام دێن و دەچن ، ئەورۆش هاتن رێک لە کات ژمێر حەوتی بەیانی لە کاتی رۆژهەڵات هەموو دەرک و پەنجەرەکانیان کردۆتەوە پێشتر دەرکەکەیان داخستبوو و پەردەکانیشیان دادبۆوە، ئەوان نازانن من و تۆ بەردەوام لەم ژووره بە جێ دەمێنین، تەنیا دەزانن بۆن دێ، هەرچی لەو ژووره بوو بردیانە حەسارێ و شۆران و وەبەر تاوی حەسارێیان دان، کە چی دیسان کەس تۆی نەدیت کە لەسەر موبڵە پانەکەت راکشابووی. تۆ کوتت نەهێنێکی نەدرکاوەت هەیە و واباشە من بیزانم، دەی باشە ئەو هەمووە ساڵە بێدەنگییە بەس نیە؟ من بەدەر لەو بەڵێنێی تۆ لە مێژ بوو رەخنەم کردبووە نێو باڵەخانەکەی زەینی تۆ و هەمووشتم خوێندبۆوە دوایەش نووسیمەوە بە دەیان شێواز و فۆڕمی جۆر بە جۆر ، بۆتۆشم خوێندبوونەوە نیشان بەو نیشانەی هەموو جارێک دەگریان دەکەوتی و لەباوەشم دەگرتی.... هەموو جارێش دەتکوت چەن جوانە دەڵێی لە دڵی من دای! دەی دەمکۆت نۆرەتە تۆش شتێک بڵێ.... پێمخۆشە لە زاری خۆت هەموو شت ببیسمەوە، دەرکی دیوەکەت دادەخەنەوە، چراکەی قەت هەڵناکەنەوە و پەردەکانیشیان داداوەتەوە و تۆش بەردەوام بێدەنگی و گوێت بۆ دوامین چیرۆکی من هەڵخستووە...... ئەوەندەش دەڵێی چانەبوو ئەتۆش وەک ئەو جەنازانە کەسایەتێکی ئاسایی نەبووی دەنا من ئێستا بە بێ تۆ چم دەکرد؟ هەڵبەت ئەوەندەش ناڵێی خۆم وەک هەمیشە دزەم کردۆتە باڵەخانەی زەینت....

**مریەم قازی**



## «قاوەی خۆش نەکراو»

لە پشت ستەرکەکەت دانیشتووی و دەست دە خرتەوپرتەکەی بەر دەستت وەردەدەی. پەڕە سپیەکەی بەر دەستت دوو قەد دەکەی و دوو خەتی ڕاست بەسەر گۆشەکانیدا دێنی. دەتهەوێ وەک وەختی منداڵیت لەو پەڕەی فڕۆکەیەکی سازکەی. قەدەکانی ڕاست کەیەوە، لە نێوەڕاستڕا دوو لایان بە سێگۆشە بێنییەوە، لە درێژاییدا قەدی کەیەوە، دیسان لە نێوەڕاستی درێژاییڕا قەدی کەیەوە و نووکەکەشی قەدێکی چکۆلە بنووشتێنییەوە. خەتەکانی لەسەر پەڕەکەت کێشاوە شکڵێکی ناحەز دەدا بە فڕۆکەکە و جیا لەوەش لە کاتی سواربوونیدا لاقەکانت زۆر بەملاولایدا شۆڕ دەبێتەوە و ڕەنگە نەتوانی بفڕێ. پەشیمان دەبییەوە و لێی دەگەڕێی. پەڕەکەی هەروا بە دووقەد و خەت لێ دراوی لەسەر ستەرکەکە بەجێ دێڵی و پتەیەکی لێ دەدەی و پەڕەکە بە خلیسکە دەچتە ئەوسەری ستەرکەکە و بەر دەبێتەوە سەر حەرزی. سارتێر. هێڵنجت پێی دێ بە هێڵنجی سارتێر. بە قەڵەمەکەت خەتێکیش بەسەر هێڵنجدا دێنی. لاقت لە پێشی ستەرکەکەت توند دەکەی و کورسییەکەت دەشکێنییەوە پشتەوە. ناترسێی بکەوی. قەت لە کەوتن نەترساوی. لەوەی پشتت بە کورسییەکەت بەستووە دەترسێی. پەرداخی قاوەکەت لەسەر ستەرکەکەیە. قاوەی پێوە وشک هەڵاتووە. کورسییەکەت ڕاست دەکەیەوە و دەست بۆ پەرداخەکەت دەبەی. پەرداخەکە سارد ساردە. بۆخۆی سارد بۆتەوە و خەویشی لە تۆ زڕاندووە. پاشماوە وشک هەڵاتووەکە لە بنی پەرداخەکەدا زاری لێک کردۆتەوە و پێت پێدەکەنێ. زاری دەڵەی ئەشکەوتە و دەیهەوێ قوتت دا. دەتهەوێ هەستی، پەرداخەکەی هەڵگری، چاو لە چاوی پاشماوە وشک هەڵاتووەکە نەکەی و بە ڕاکێش ڕاکێش پەرداخەکەی بەرییە چێشتخانە. نەیشۆیەوە. دەتهەوێ بە جەزرەبە بیکووژی. سەماوەرەکەی هەڵکەی، گڕی لێ خۆش کەی هەتا زوو بکوڵێ. لەو ماوەیەدا چاو لە زاری قاوە وشکهەڵاتووەکە نەکەی. ئاوی سەماوەرەکە مێرووڵان بکا و ویزە ویزی بێ. زۆرێ لە خۆت بکەی چاوت پێی نەکەوێ. سەماوەرەکە وەکوڵ بێ. پەرداخەکەی وەبەر شێرەی سەماوەرەکە گری و بێبەزەییانە ئاوە کوڵیوەکەی وەسەر گێڕی. چاوی لێ نەکەی. سووکناییت پێ بێ و چاوەکانت بنووقێنی. لەوبەری پەنجەرە باران نابارێ. چاوت هەڵبێنی و چاو لە هەڵپلۆخینی زارە داپچڕاوکەی کەی. زاری دوو هێندی پێشوو بکاتەوە. جێی سەرت دەبێتەوە قووتی دا. ئەوەش ناکەی. لێی دەگەڕێی. بە دەستت پەرداخەکەی پاڵ پێوە دەنێی. بە خلیسکە دەچتە ئەوسەری ستەرکەکە. بەردەبێتەوە. گوێت لە دەنگی شکانەکەی نابێ. بیرت دەچتەوە سەر پەڕ و فڕۆکەکە. پەڕێکی دێنییە بەر دەستت. ئەمجار: دوو سێ گۆشە بۆ نێوەڕاستێ، قەدێک لە

درێژاییدا، لە نێوەڕاستڕا دە درێژاییدا قەدێکی دیکە و نووشتاندنەوەی سەری نووکەکەی. بە دەستەوەی دەگری و یەک دوو جار لە حەوادا هەڵیدەسووڕێنی.ئینجا لەسەر ستەرکەکە دایدەنێی. دەچییە سەر ستەرکەکە و سواری فڕۆکەکە دەبی. دەتهەوێ بە فڕۆکەکە هەستی. پەنجەرە نەکراوەتەوە. لەو بەری پەنجەرە باران ناباریێ. خەیاڵی وڵاتی قاوە خۆشنەکراوەکانت لەسەر دایە. لە فڕۆکەکە دێیە خوار. لەسەر ستەرکەکەڕا خۆ باز دەدەیە سەر لێواری پەنجەرەکە. دەستت ناگاتێ پەنجەرەکەی بکەیەوە. خۆت هەڵداوێی، هەر نایگەیەی. دەچییەوە سەر ستەرکەکە و سواری فڕۆکەکە دەبییەوە. هەڵدەستی و بە فڕۆکەکە دەورێک لە ژوورەکەدا لێ دەدەی. دەتهەوێ خۆ بە پەنجەرەکەدا بکێشی و شووشەکەی بشکێنی و دەرباز بی. لە دەرەوە باران ناباریێ. تیژ بەرەو پەنجەرەکە داژۆی. خۆت بە پەنجەرەکەدا دەکێشی. بەردەبییەوە سەر لێواری پەنجەرەکە و چاوت دە ڕەشەوە دێ.

**هیوا بەیرامی**



چیرۆکەڵە/ ژمارە-یەک



Agnes Cecile

## «کێشی ئەندێشە»

-لەگەڵ کێ دەدوێی؟ بدوێ حەقت پێ دەدەم  وەک لە هەست و هزری بەرزە فڕت بەڵەدم تێگەیشتووم کە بەرامبەرەکانت کیفایەت ناکەن بۆ بیستنی نهێنێکانت . دەرک و تێگەیشتنیان حاسێ و زوێر دەبێ و وە پشت گوێیانت دەدەن. بدوێ ئەوپەڕی وجوود...

-دەزانی هەمزادی لۆکەیین؟ هەمزادی نەرموو نیان؟ خۆمی ناسک لە مەعبەینی نزم و بەرز؟

لەگەڵ تۆمە هەمزادی بێ غەل؟

هەمزادی ئاسمانیم؟ دەڵێن بەرد تا لە سەر جێی خۆیتی قورسە ، هاتوو لە جێی خۆی ببزوێ هەر کەس و هەر شتێک گەیشتی بەملا و بەولای دا دەدا وەک پەڕی مێش کێشی دەنێوەچوو و سوک ها بابردی بۆ ....

- بۆ کوێ هەمزادی زەوینیم؟

چۆن دەڕوانی؟

دەزانی ئەو یاسایانە لەو زەمەنەی ئێمە تێیداین پەنجا پەنجا ئەرێنی و نەرێنیە؟

ـجا چۆن بۆ کویێ ئەی خۆمی دەرباز لە خۆم؟ جارێک مزڵم کۆڵان ،جارێک مزڵم نێو گوڵدان ، جارێک مزڵم کەلێنی دیوار ، جارێک مزڵم دەستی مناڵێک ،ژنێک ،یاکوو پیاوێکی تووڕە ڕە کەسێکم دەهاڵێنن... یاکوو وەها ئەزمون ئاسا لە دەستیان دا چەند خولێکم پێ لێدەدەن و باڵندەیێکی نیشتەجێ لە نێو دڵی ئۆکسیژێنوو ڕۆحی ئاسمانم پێ دەئەنگێون. جار نا جارێک ڕوناکایی دڵی شوشەم پێ دە خورپێنن، دەزانی چی هەمزادی ئاسمانیم؟ جاری واشە خێر خوڵاییێک دەمکاتە بەربەست بۆ دەرگاییێک کە با تینی دەدا کە داخرێ لەسەر شۆڕشگێڕێک کە ڕایکردووە لە دەست پاسدارێکی نیزام ...

جاری واشە دەمڕازێننەوە و دەمکەنە وشەی بەردین و لە سەردەرانەی ماڵێکیم قایم دەکەن و لە دڵی چاوپیسانم دەچەقێنن، و جاری واشە دەمکەنە پەیکەری شاعیر یا کوو نووسەر یاکوو سەرۆک کۆماری وڵاتێکی زلهێز یا هەر نەبێ دەمکەن بە ئاژەڵێک سەمبولی وڵاتی پیرۆزیان و وێنەم لەگەڵ دەگرنوو بە شانازیەوە قورس و بەرزم دەنرخێنن...

ئەی خۆمی خۆم دەزانی چی ؟زەمین وایە هەرجێیەی هەورازو نەوی هەبێ بەردەکانیشی نزم و نەوی دەبن ، جارێک لە ناو موزەکان دا یاکوو لە مەکانێکی موقەددەس دەمانکەنە بۆت و حەشیمەتێک کڕنۆش و بگرە جاروبار سوژدەمان بۆ دەکەن

بەڵام هەمزادی هەورینم تۆ ڕەها بووی لە هەر چی ناوە و ئاشنایە بۆ ئەمن ، بۆ ئەوان....

دوو سێ دڵۆپ فرمێسکی سوێر لە چاوی هەمزادی ئاسمانی کەوتە نێو زاری هەمزادی زەوینی و بوو بە بەرد و با ترازاندی لە تەختی خەو و بردی بۆ مسافیرەت....

**سارا سوڵتانی**

## «جەم خانە»




جەم خانە ئەدەبی وەک مووکەعەبێکی حەقدە لە بیست و پێنج و نیوی؛ کاتێک چاو لە جەم خانەی ئەدەبی دەکەم بیر لە جەواهێرە بەدڵەکانم دەکەمەوە. مرۆڤەکانی جەم خانهی ئەدەبی وەکوو شتی بەدەڵ وان، خراپ دەبن، ڕەش دەبن، ناحەز دەبن؛ مرۆڤەکانی جەم خانەش وان. خراپ دەبن، ڕەش دەبن، ناحز دەبن، ڕۆژی چوارشەنبە لە پێش ئاوێنە خۆم ساز دەکرد، کاتێک چاوم لە خۆم دەکرد، جۆتێک چاوی بادامی ڕەش کراوی جوان، دەموو لووتێکی جوان و ڕێک و پێک، وەک کچێکی سازی چینی کوردی، لەپێش چاوم بوو. بە پەلە کۆتە سوورە کەم هەڵگرت. زۆرجوانە، کاتێک چاوی لێدەکەم وەبیر گلووبولی خوێن دەکەومەوە. کە بێ ئەو ژیان ناکرێ. لە ڕێگادا بیرم لەوە دەکردەوە، مرۆڤەکان چەندە جیاوازن دەگڵ یەک، دەنکێکم مرۆڤ دیت، وەک تەلیسی بەن وابوو، ناحەز و قاوەیی رنگ، بەڵام ئەو جارەیان کچکم دیت، چاوم لە سەر هەڵ نەدەگرت، قامکە باریکەکانی دەستی هەموو بە خەنە بوو، وەک سەبکی منیماڵ خەزێمێکی لە لووتی کردبوو. قژی سەری وک بارِبی وابوو، زۆر زوو ڕویشت.

چ کەسێک حەوسەڵەی جەم خانەی ئەدەبی وای هەیە.. وەکو شێتخانەی وایە. شێتخانە باشە بەرپرسێکی هەیە، جەم خانەی ئەدەبی بەرپرسەکەی دەڵێی تونگەی سێ ختە، بەرپرسێکی دیکەشی هەیە، وەکو برۆسلی وایە بەڵام تەسبیحێکی پێیە کەس لەکەس تێ ناگات و کەسیش نازانێ خەریکی چەن نووسەرێکی لێیە وەدەزانێ بارک ئۆبامایە ئەگەر چاوێک لە ئاوێنە کات دەزانێ چەنە پیرە. بەڵام هێشتا بیرێک بۆ حالی خۆی ناکاتەوە. کاتێک نووسینەکانی خۆی دەخوێنێتەوە دەمی دەڵێی مەقەستە، جاری وایە کە چرای دیوەکم دەکووژێنمەوە بە قامکی دەستم شکلی دەمی ئەو دەردێنم. لە قاقای پێکەنین دەدەم. هێندە خۆشە ئەگەر چاو لە نیسێی دەستم دەکەم، وتاربێژ وەک کابرای پێش ماشینی نەیسان وایە کە پەنجەرەکەی داخرابێت، هیچی لێ حاڵی نابی، هەر بۆخۆی دەزانێ وەک پەشمەک وایە، ئەگەر یەک فەندکی لێدەی قاڵ دە بێتەوە.

مرۆڤەکانی جەم خانە ئەدەبی لەگەڵ یەک، جیاوازن. وەکو دەعباوشت دەچن. ئەوجارەیان یەکیان ببوبە گوێدرێژ، هەرچەند کوتم تۆ گۆدرێژنی دیکوت با بووم بە گوێدرێژێکی خڕوخۆڵی جوان، لەوەێ هەموو دەعبای سەیرسەیرن. بەرپرسێکی کە خۆی زۆر پێ ئازایە نازانێ وەکوو قاڵونچە دەچێ. هەڵاتم بۆ دەرێ، ئاخر دەعباکان هەڵمەتیان بۆهێنام تاکسییێکم گرت و هەزار تمەنیشم زیادی دایە، کوتم کاکە بمبەوە ماڵێ، ئەو دەعبایانە هەڵمەتیان بۆهێنام. شۆفیرتاکسییەکە لە قاقای پێکەنینی دا کوتی: شانۆ کاری؟

کوتم: بەڵێ بەڵێ شانۆکارم...

**سارا قوربانی( هەوراز)**



# «نا چیرۆکە»

**ئەمە چیـــرۆکە. ئەمە چیـــرۆکە ـ ئەمە چیـــرۆکە ـ ئەمە چیـــرۆکە (ئەمە چیـــرۆکە) ئەمە چیـــــرۆکە، ئەمە چیـــــرۆکە؟ ئەمە چیـــــرۆکە [ئەمە چیـــــرۆکە] ئەمە چیـــــرۆکە؛ ئەمە چیرۆکە! ئەمە چیرۆکە........**

**ئەمە چیرۆکە؟!**

**ـ ئەمە چیرۆکە.**

**ـ ئەمە چیرۆکە،**

**ـ ئەمە چیرۆکە؟**

**ـ ئەمە چیرۆکە؛**


**ـ ئەمە چیرۆکە!**

**ـ ئەمە چیرۆکە؟!**

**ـ ئەمە چیرۆکە**

**ئەمە چیرۆکە: "ئەمە چیرۆکە". ئەمە چیرۆکە* ئەمە چیرۆکە.. ئەمە چیرۆکە-ئەمە چیرۆکە. ((ئەمە چیرۆکە)) ئەمە چیرۆکە...**

**ناسر فەتحی**



**«دزی»**

هەرچەند دەکەم ئەم کولێرەیە تامی ئەو کولێرەیە نادا کە لە موکریان بە تەندووری وردەو تەباڵە دەیان کرد. لێرەدایە دەبێ بڵێین: کولێرە، کار، ئازادی؛ لەژێر دەســـەڵاتی حکومەتی ســـێدارەی ئێران، هیچیان دەســـت ناکەون. بۆیە، دوێت من وەگەرد وەفر وارین کولێرە دەخوات. کەواتە، گەمژانەترین سیاست و بۆچوون لە کاتی نارەزایەتی سەرتاسەریی، کێشە ساز کردن و کەلەبەرخستن لەنێو پێکهاتەی فرە نەتەوەیی ئێرانە، بەدەم کولێرە خواردنەوە. ئەوی ڕۆژێ هەوڵمدا بفڕم، کەچی کولێرەم دەست نەکەوت. بیرم وابوو! هەڵفڕم و هەر پارک و باخچەیەکی دەستم پێی ڕاگەیشت گالەرییەکی تیادا دابنێم، تا قەرەبووی چێژی کولێرە بینینی کەسانی دەیەکانی ڕابردوو بکاتەوە. لە ئەوی ڕۆژێوە لەگەڵ منارەی هاوشارم.

هەموو ساڵێ ئاواتمان رزگاری لە دەستی داگیرکەرە، بەدەم حەسرەتی خواردنی کولێرەی سەر ئاگری تەپاڵەوە. پێکەوە کولێرە خۆشە. لێرە کولێرەی تازە چییە، جگە لە سپیبوونی زیاتری تاڵەکانی قژ...؟ کولێرەی تازە تەندووری تەپاڵە چییە، جگە لە زیاتربوونی هێڵەکانی ڕوخســـار..؟ لێرە.. کولێرەی تازە ســـاڵانێکە بە دەســـتی بەتاڵەوە دێ... برێ جار بەر لە ڕۆیشتن، وەک یادگاری چنگێ خوێ ئەکا بە برینەکانما و ئەڕوا... ئەو چنگە خویەی بەشی بەتامکردنی کولێرەی گەڕەکێک دەکات.

زۆر لەوە دڵنیام کە خەڵکی ئێران ناتوانن هیچ ئاڵوگۆڕێک پێک بێنن، ئەگەر چل ســـاڵ تەحەمولی هەموو زوڵمێکیان کردوە، چل ساڵی دیکەش دەیکەن! لەوانەیە زیاتریش چوون تێلێگرامیان هەیە و کولێرەی ماشـــێنی؛ مەگەر بە شـــەڕی وڵاتانی زلهێز، ئێران بڕوخێ، ئەویش ئەگەر خۆی هەڵەیەکی کوشـــەندە بکات، بۆ نموونە کولێرەی خەڵک ببڕێ، دەنا بەرژەوەندی هەمیشـــە پارێزراوە، ئەو خۆپێشـــاندانانەش هەمووی بۆ کولێرەی تەندووری تەپاڵەیە.

کولێرە خواردن یاسا و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، ئامانج و مانای خۆی هەیە. ناشێ لە پاڵ ئازادی مرۆڤ وا بزانین هەر کەس حەز بکا دەتوانێ ببێت بە کولێرەخۆر، نابێ جل و بەرگ و رووتیی و خۆ دەرخســـتن بینە بنەما بۆ کولێرەخۆری. ڕەنگە ڕێژیم بەدروســـت کردنی کارەســـاتێکی مرۆیی لەچەشـــنی هارپ بۆســـەرتاران، یان تەقینەوەیەکی گەورە خۆپیشاندان لەبیری خەڵک باتەوە، ئەگینا کپ کردنی دەنگی کولێرەخۆران ئەستەمە.

نازانم بۆ لەخۆرا پێم وایە ئەو رژانە سەر شەقامانەی خەلک لە ئێران فیلمە، هیوادارم فیلم نەبێت و وەراست گەرێ و ئەو ولاتە لەت و پەت ببێ و، هەر شەق هەڵێنییەوە وە کولێرەی تەندووری تەپاڵەی بکەوێ.

- کورد بون زور تالە راکردن لیی نامردیە! [کولێرە خۆرێک]

- ئیمڕۆ هەینی هەشتی سەرماوز، ئاسمان زۆر بەجوانی دەرکەوت، وەک کولێرەیەکی کە بە ئاگری تەندووری تەپاڵە برژابێ. [ کولێرە خۆرێکی دیکە]

"دروشمێک لە درووشمەکانی خۆپیشاندەرانی خەڵکی ئێران دژی رژێمی فاشیستی ئیسلامی ئێران: کولێرە مەنێرە بۆ سووورییە، بینێرە بۆ ئێرە!" ئەوە بۆیە عەزیز بەگی کوڕی فەیزوڵڵا بەک، یەکێک لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری سەقز - ساڵی ١٨٨٤ز لەسەر کەوڵی بەرازی گوتوویەتی: "کولێرە خۆشە!"

**ناسر فەتحی**




Oswaldo Guayasamín 1969

**«شپرزە»**

لە هەر یەک لە چوار گۆشەی پەردەی شاشەکەڕا چاوێک و، هێندی چاوەکان درشت و زەق و زەقتر دەبوون؛ هێدی هێدی پەردەکە خڕ وخڕتر دەبوەوە و چی لێنمایەوە.

بە ئەکتەریی کامێرا"دوو ڕێیانی بێعاری"لە نووسینگەی زەمان و لە داڕشتەی زەمین :


"لە تینوویی چەقەرەی چەوەندەرە نەبووەکە ڕا دەستی پێکرد و بە قەپاڵ لە نانێکی هەڵواسراو بە دەم لقی باوە درێژەی هەبوو. لەولاشەوە دەستێک هەبوو، یان تاق دەستێک، قەننەیەکی بە کوتە قاقەزێک دا دێنا، وا بە دەسخەتێکی خۆش لێی نووسرابوو توتن. هەڵی دەکرد و زۆر ئاسایی پەستا پەستا مژی لێدەدا و.... لە پڕ هۆڵەکە تاریکی وەسەر کشا، غاڵبە غاڵب وپەکو و ،بریا و لە پڕ پچڕپچڕ بوونی کارەبا... هۆڵ فراوان وفراوانتر و ،هێندی هەتەری چاو گەورە بۆوە. لەو شوێنە وا بەدەم لقی باوە قەپاڵیان لەنان دەگرت، هێلانەیەک پڕ لە هێلکەی دەمەو تروکان بەر دەبێتەوەو؛ جوجەڵە بەسەماوە سەر دەر دێنن و ڕێک دەبنە ئادەمیزاد. چ ئادەمیزادێک ! دەیکەنە هەڵبەزدابەز و، داوای دەستەکە دەکەن و،تا ئێستاش کارەبا هەر بە ڕێوەیە...."



**ڕەحمان جەنگ**

# کورتیلە چیرۆکی

# کۆیلە




ناسر فەتحی

# «باڵماسکە»

من دەمامکی پێکەنینم، بەردەوام ئەسووڕێم و پێدەکەنم، ئەسووڕێم و دەتریقێمەوە ، ئیشی من ئەوەیە لەسەر ئەم شانۆیە بەم جل و بەرگە ناسک و رەنگاورەنگانەمەوە بەم داوێنە کورتەمەوە ، بەم ئەندامە رێک و پێکەمەوە ، بەم هەمووە پەپوولەیەی بە دەورەمدا ئەسووڕێن بکەومە سەر پەنجەکانم و سەما بکەم و پێبکەنم ، من ئاسکێکی سووکە پێم... نانا باڵندەم.... یان نا رێک وەکوو ماسییەکی خۆی داوەتە دەس گەمەی شەپولەکان.... دەسووڕێم و پێدەکەنم ، کەچی بێتوو ئەم دەمامکەم فرێدەم دەکەونەبەر لاڤاوی هەڵدێری فرمێسکەکانم، ئیشی من گریانە، گریان بۆ خۆم، بۆ تۆ، بۆ ئەو ، بۆ ئەوان.... پیشەی من هەنیسکە هەنیسک لە بۆشایی جوانیەکاندا.... جوانی؟ دڵنیا نیم ئیتر جوانی چیە؟ دڵنیا نیم ئێتر ئێمە کێین ، دڵنیا نیم لەوەی کە گریانەکانم بۆ چیە و پێکەنینم بۆ کێیە؟ تۆ بڵێی ئەوە نیشانەیەکی بە سام نیە لەوەی کە بەهەموو شتێک راهاتووین؟ بە کارەسات، بە هەڵدێران ، بە تێداچوون، بە بەردەوام مردن و ژیانەوە، ژیانەوە و مردن.... ؟؟ من پێدەکەنم بە بۆنی عەتری شادییەوە، دەگریم بە بۆنی دڵفراوانی خەمەوە... بەدەم سەماوە دەگەمە سەر سنوورێکی سەرمابردوو کیژۆڵەیەک دانیشتووە و لە جێوە بەستوویە من بە دەوریدا ئەسووڕێم و پێدەکەنم یان دەگریم و دەتلیسێمەوە؟؟؟؟ ئەم کێژۆڵەیەش وەک من گەڕۆڵێکی نەحجمیوە ،ئاوارەی هەرێمی ژیان ، سەرما رێی پێ هەتڵە کردوە و بە ودمی تەزۆوە لەسەر ئەم تاتە بەردە بە رواڵەت بۆتە پەیکەرەیەکی سەهۆل، وەکوو شووشە روونە، ئائا وەکوو شووشە روونە! من کە بە دەوریدا دەسووڕێم دیبنم کە لە دەروونیدا ئاگرپژێنێکی سەیرە، بە دەیان فرۆکە لە هەرێمی ژووری ئەم کیژۆڵەوە خەریکی بۆمبارانی هەناوی ئەم کیژۆڵەیەن، بە هەزاران چەکدار لە ناخی ئەودا شەڕیانە، سەر دەبڕن، چڕ و دووکەڵ هەموو ناخی ئەوی داگرتووە و بە دەیان شار لە دەروونیدا خاپوور کراون تەنانەت شارۆچکەی کایەکانیشی.... من نازانم ئیتر بەم دەمامکی شادیمەوە لێرە چ دەکەم؟؟؟؟ ئەرێ کەسێک هەیە پێم بڵێ من پێدەکەنم یان دەگریم؟



🎨 Marie Bortolotto

من دەمامکی ئیرادە و ئازایەتیم، پێمخۆشە وا نیشان بدەم نەترسم و ئەرخەیانم لە توانای بێوێنەی خۆم، وا نیشان بدەم بە هۆی ئەم ئازایەتییە هەست بە هیچ هەڕەشەیەک ناکەم، هیچ شتێک خۆرپەم ناخاتە لەش و هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ رەخنە بکاتە مێشک و ماڤ و خۆزگەکانی من، بۆخۆم تەما دەگرم، بۆخۆم بڕیاڕدەدەم، بۆخۆم دەژیم ئەسووڕێمەوە و لە سەر شانۆی هەموو جیهاندا خول دەدەم و بەسەر ئەم پەنجە ناسکانەمدا راست دەبمەوە و کتووپڕ باڵ دەگرم و بەوپەڕی فیزەوە بەرەنگی بەشکۆی بنەوشەوە بە بۆنی ژیانبەخشی ئیرادەوە تا بەرزترین پلەی شانۆ دەفڕم تا هەموو بزانن چەندە مەزن و رازاوەم ، تەواوی مێژوو لەسەر ئەو قامکانەی من دەسووڕێن، تەواوی کاتژمێرەکانی جیهان بە ئیزنی من دەسووڕێن، هیچ گوڵێک بە بێ ئیڕادەی من شین نابێ و هیچکەس ناتوانێ سەیری چاوەکانی من بکا دەنا هەموو ئەم ترسەیان دەدیت کە لە بلبلەی چاوەکانمدا خۆیان حەشارداوە، من لەو دیوی دەمامکەکەمەوە گێژ و سەرگەردانم، کاتێک چاو دەگێڕم زۆرتر دەترسێم ، باوەڕدەکەن لە پێش ئاوێنەش ناوێرم دەمامکەکەم لادەم؟ ترسێک مۆرکەئاسا لە ژوورەوە دەمخوا، ئەو بەو ترسەی منەوە دەژی، زاو و زێ دەکا، گەراکانی بزۆز و وردن لە لووتم ڕا دێنە دەرێ بە چاومدا هەڵدەگەڕێنەوە ناو مێشکم، دەگەڵ خورووی زەینم وەکوو شێتانم لێدێ، واهەست دەکەم مێشکم بۆتە رێبەندانی بە هەزاڕان لێدوان و وردە باسی جۆراوجۆر، وەکوو شێتانم لێدێ پێموابێ من نە پاڵەوانێکی مەزن بەڵکوو ڕناودی ترسەنۆکم....؟ پێمخۆش بە ترساندنی ئەوانی دیکە ترسی خۆم دەستەبەر کەم، وا هەست دەکەم هەموو شت دوژمنی منە، پێموابێ کەس منی خۆش ناوێ، نێچیرێکم هەزاران گورگ دەورەیان داوم، رەنگم رەشە و نازانم خەون دەبینم

یان وشـــیارم ؟ نازانم ئەو مۆتانە راســـتن وا بەدەورەمدا وێڕای خۆم دەســـووڕێنەوە و هەرکامیان گۆشـــەیەکی داوێنیان گرتووم، یان ئەوان خەونن و من راســتم؟، ئیتر لەم ســەر شـــێواوێمدا، لە زەنا زەنای ئەم هەمووە ترســـەمدا نازانم ئەمن کێهەیانم ئەوی ئەوبەری دەمامکەکەم یان ئەوی پشــت دەمامکەکە، دەگەڵ هەموو ئەوانەشـدا نازانم ســەرەڕای ئەم هەمووە ئیرادە و ئازایەتییەم دەگەل ئەو بۆگەنیوەمدا چ بکەم هەموو شــانۆی هەڵگرتووە و دەستی هەمووتانی پێ لەسەر لووتوو داناوە؟

(٢)

مـــن دەمـــامکی راســـتیم، پێمـــوایە بـــۆیە کەڕ و لاڵـــم، چـــم هەیە بیڵـــێم؟ ئەوەی لە پشـــت ئەم دەمـــامکەیە هیچـــی بـــۆ نەهێشـــتووم جـــگە لە بێـــدەنگی، مـــن لە پشـــــت ئەم رەنـــگە ئـــاڵەوە وەهـــا درۆدەکەم کە ئیتـــر هـــیچکەس تەنـــانەت بۆخۆشـــم نـــازانم چ راســـــتە چ درۆیە؟ ســـەما دەکەم و دەســـــووڕێمەوە لەو پەڕی بەرز بـــــوونەوەم دا وەهـــــا درۆ دەکەم کەس نـــــاتوانێ وەدرۆم خـــــاتەوە، کاتێـــک بە درۆ دەگـــریم هەمـــوو دنیـــا دەگەڵـــم دەگـــری، تەواوی گـــوڵە کـــانی دنیـــا دەگەڵـــم هەڵـــدەپرووکێن، کاتێـــک بە درۆ پێـــدەکەنم هەمـــوو دنیـــا دەگەڵـــم پێـــدەکەنێ، کاتێـــک بە درۆ دەڵـــێم خۆشـــم دەوێـــی تەواوی ئیشـــکارۆکان بـــزر دەبـــن ، کاتێـــک بە درۆ چەپـــڵەت بـــۆ لێـــدەدەم هەمـــوو دنیـــا دەبێـــتە چەپـــڵە رێـــزان، لە کاتێکـــدا مـــن هیچکـــات چـــاوم بە ســـەرکەوتنت هەڵنەهـــاتووە، هیچکـــات خۆشـــم نەویســـتووی، بەردەوام پێمـــوایە تـــۆ ببینـــدرێی مـــن نابیســـریم ، بەردەوام پێمـــوایە تـــۆ پیشـــکەوی مـــن دوادەکەوم. بەردەوام بەهەزاران بیـــانووم ریـــز کـــردووە کە لێـــت دوورکەومەوە، ئەمـــن و ئەتـــۆ ئیتـــر لێـــک نـــاکرێینەوە، هەمـــوو وەکـــوو یەک درۆیە دەکەیـــن، ئەوانەی خەڵاتـــت دەکەن، تـــۆ کە وەری دەگـــری، مـــن کە چەپـــڵەت بـــۆ لێـــدەدەم و بە دەورت دا دەســـــووڕێمەوە و گوڵبارانـــــت دەکەم، ئەوانەی کە لەوخـــــوارەرا ســـەیرمان دەکەن.... ئـــێمە هەمـــوو درۆدەکەیـــن تـــا زەینـــی خوێناویمـــان حەشـــاردەین تـــا پەنجەمۆرەکانمـــان لەســـەر ئەم هەمـــووە تـــاوانەی کردوومـــانە بســـڕینەوە، تـــا بـــۆ هەمـــوو ئەو بۆچـــوونە درۆیانەمـــان کە جیهانمـــان پـــێ کـــاوڵ کـــرد بە دەیـــان پاســـاو بێنیـــنەوە، لە ســـەرەتاوە تەواوی چیرۆکەکـــانم درۆ بـــوون، تەنـــانەت ئەو خەیـــاڵی قەپاڵـــداگرتنم بەســـەر تاقـــانە ســـێوەکەی تـــۆ بە درۆ بـــۆت هاویشـــتم.... بەرە بەرە شـــار بە شـــار ،خەیـــاڵ بە خەیـــاڵ دەســـووڕێن

و سەما دەکەین و درۆ دەکەین بەم جیهانەش رانەوەستاین و ئێستا جیهان بە جیهانیش درۆ دەکەین، هەموو ئەم جیهانە دەسکردانەی بە درۆ بناغەمان دارِشتوون.... من درۆ نەکەم دەمرم، لە رادەستیدا دەمرم، لە راستیدا هەڵدەپروکێم، کانیاوەکانم هەڵدەچۆرِێن، ئیشکارِۆکانی زەینم شێرپەنجەیان ئەکوتێننە سەر هەموو گەی لەشم.... لە بیرمە لە زەنازەنای خەونێکی پرمۆسیقاوە هاتین دنیا بکەینە پرسیار کردمانە درۆ و تاوان.... ئێستا هەموو درۆین، درۆیەک بە بۆنێکی نامۆوە.....

من دەمامکی مرِۆڤێکی ئەمینم، کەچی دزێکم دەستم لە جیرفانی هەمووتان دایە.... رێک ئەودەمەی لەسەرخۆ دەخزێمە پەناتان و سووکە پێ لێتان لادەدەمەوە .... لە پەنا ئەم هەموو منداڵ و گەورەساڵەی وەدەستیان بۆ پارۆنانێک رِاداشتووە حەزم لە کۆ کردنەوەی هەموو پێداویستییەکانی ئەوانە، هاااااااا وەرن بسوورِێنەوە وەکوو من سەما بکەن وەرنە سەیری ئەنبارەکانم، سەرنج بدەنە شومارە حیسابەکانم ، تەنیا تەرخان کردنی یەکێک لەو داهاتانەم تەواوە بۆ خاشەبرِکردنی تەواوی ئەو دەستە برسیانەی بۆ بابۆڵەیەکی درێژ کراون ...ئەوەندە لاسەنگم هەست بە باڵادەستێکی سەیر دەکەم، من دەمامکێکی دڵۆڤانم بە بۆنی خودایەتێوە....من دەمامکی عەشقم..... هیچکات حەول مەدەن ئەوەی لە پشت ئەو دەمامکەوە هەیە ببینن تەنیا لە دوامین بلووکێکی کە لە کاتی سەنگساری تۆدا هەناسەتم پێ هەڵبرِی، ئەوەند سوور پرِژایە سەر ئەم شانۆ قێزەوەنە کە کە جگە لە سوور هیچ نابینی کە شەپۆلان دەدا و کاوڵ دەکا و رِادەدا....

من .... من دەمامکی حەقیقەتم..... لەو دیوی ئەو دەمامکەوە هیچ شتێک نابینن جگە لە بۆشاییەکی پرِ هەرا جگە لە تۆ کەس لەوێ نەماوە.... من زۆر دەخۆلێمەوە و سەرم لێشێواوە.... راستی تۆ پێم بڵێ ، ئەگەر تۆش خەون و خەیاڵ نی پێم بڵێ من حەقیقەتم یان خەون.....

**مریەم قازی**

**«منی دڕندە»**

لە خوار پێپلیکانەکانەوە دەنگی لوول دەخوات و دەپێچرێتە نێو مێشکمەوە ،،،،

ـ لە کۆیە ؟

ـ موبایلەکە بە دەستمەوە ڕاناوەستێ ، چەن کەڕەت ژومارەکان دووپات دەکەمەوە

ـ ئەەە ،، بەزیاد نەبێ ،،،،،،

ـ دەزانی کوتیان لە کوی دیتوویانە؟

ـ کێ ،،، لە کوی ،،،، ئە ها ،،، گرتی،،،، دەڵێ کووژاوەتەوە

ـ بەڵێ دەبێ بشی کووژێنێتەوە ،،،،،، خانم دەڵێن لە پارکی ........ دیتوویانە ، لە ماشێنی.......... دا .. ئابڕوومان چوو ،،،،

ـ کێ کوتی ؟

ـ فەرقی چیە ؟ هەرکەس بێ درۆ ناکات

ـ بە منی کوت دەچێتە ،،،،،،

مێشکم دەزرێنگێتەوە ، ڕۆژانێکی زۆرە تەنیا بیر لە خۆم دەکمەوە ،،،،، من کەی ئەوندە دڕندە بووم ؟

سەری تا ژێر ئاوەکە ڕاناوەستێ ، گەرما و توونیەتی و ماندوویی سێ گۆشەیەکی قایمن ، هیچ ناتوانێ بیرووخێنێ ،،،،

ـ ئاوەتا دەی نووشی ئەو گیانەت بێ ،،،،،،

سم کوتانەکەی بێهۆیە ، بۆقەتە ملی گرتووە و بەو هێزە گورچ بڕەی هەڵی دەسووڕێنێ ،،،،، دەیگەوزێنێ لە نێو ئاوەکەدا و چەن خولەکی پێناچێ ، لەت و کوتی دەکات و دیسان ئاوێکی لیخن و کاروانی غەزاڵەکان و گەرما و ماندوویی و توونیەتی دەمێنێتەوە و سووسمارەکان،،،،

ـ تۆ لێرە چ دەکەی ؟

پیلی دەگرم و دەیخەمە نێو ماشێنەکەوە

ـ تۆ ڕاوەستێ ،،،، پێت دەڵێم ،، تۆ خودا وا مەکە ،،،،،، دە وا مەکە ،،، عەیبە ،،،،، تۆ خودا ،،، ئابڕووت بردم ،،،،، فرمێسکەکانم و لووشمەی لووتم ڕوویان وەردەگێڕێ ،،،

ـ ئەها دیسان ،،، بابە ڕازی بەقایە ،،، ئاواش نەبێ ئەم گاڕانە بەری حەشر دەگرێ ، چاو لێکە گژ و گیاش بەشیان ناکات ،،،، بە دەستی چەپ بۆقەتە ملیم گرتووە و نایەڵم دەنگی دەربێ ،،

ـ وست بە وست ، ئابڕوو ؟ تۆ دەزانی ئابڕوو چیە ؟

بە دەستەکەی دیکەم برۆکانی دەسڕمەوە ،،،

ـ تۆ کێی ؟ کچی کێت پێدەڵێن ؟ ئەم برۆ تاشراوانە چیە ؟

قرخەی لێبڕاوە ، دایکی لە دوورەوە چاوی لێدەکات ،،

ـ ئەی داوەشێی چ دایکێکی ،،، دە بڕۆ پێشێ و جووتەیەک بخە نێو زگیەوە و جەرگ و دڵی دەرهێنە ،،،

ـ زەڕرافە زۆر بێ دەسڵاتە ، هەر لە درێژی گرتووە ، بۆیە دەڵێن درێژ عەقڵی لە چۆکی دایە،،،

ـ دایە پێی بڵێ ،،، ئەی تۆ باشی کورتە باڵا ،،،،

بیر لە چی دەکەمەوە ؟ چیم وەبیر هاتۆتەوە ؟ ئێستا لە کۆین ؟ من ،،، دایکم ؟ خۆشکم ؟ کاکم ؟


قیژەکانی ئێستاش لە حەمام دەنگ دەداتەوە ،،،،

ـ وامەکە ،،،،، بە خاتری خودا ،،، وا مەکە ،،، باش ،،، گووم خوارد ،، ئیدی ناچمە دەرێ ،، برۆم دادەنێمەوە ،، ئای ،،،

چۆنم توانی ؟ من ؟ بەم دەستانەم ،،، سەریم خستە ژێر ئاوەکە ،،،، لە ژێر جەستەم بێ هێز دەپاڕاوە ،،، گووم خوارد ،،،، گووم ،،،،،

ـ هەر دەگری ؟ ،،، تەواو بوو ،،، ئەوەیان ڕزگاری بوو ، نەیانخوارد ،،، جەستەم ئەوندە قوورسە ، پێم وایە دوو یا سێ بەرازم خواردووە ، دەچمەوە ژێر ئاوە لیخنەکەو خۆم مات دەدەم .

غەزاڵەکان هۆشیارتر دێن و دەڕۆن ، منیش وابزانم تێرم ،،،،،،،، ،،،،،،،،،،،،،،،



**سارا سادقزادە**

## «مەرگی ئەوین»

کاتێکیش نەبوو... تۆ بوویت.

لە هەموو جێگیەک، وەکوو هەوا پڕ بە سییەکانم هەڵمدەمژیت.

ڕۆحێکی تازەت بە بەردا کردبووم،کە پێی سەمام دەکرد و تا دوورەدەستەکان هەڵدەفڕیم؛تەنانەت تا بەر"ئەم وشەیە کە ناتوانم ئازادانە بیڵێم، تابەر....ئەوین باڵم دەگرت و خۆم بە سلوولە تاکەکەسییەکەتا دەکرد و تا بەرەبەیان ئەمدواندی.

بەڵام لەو کاتەوە بە شەپۆل لێدان خەریکە نوقمم دەکات و منیش هەر خەریک پەلکوتان و پەلەقاژێم،نابێ نا...تۆ دەبێ لەم ناوا نەمێنی، تۆ دەبێ لە هەردووکمان دوور بی، هەم ئەو دەحسێتەوە و هەم من بە کەناری ئەم زەریا سەرشێتە دەگەم.

ماوەیەکی زۆر بوو بیرم لێ دەکردەوە بەڵام هەر جارە و بە ڕستەیەک پەشیمانت دەکردمۆ.

هیچ ڕێگایەک نەبوو جگە لەوەی بیر لە کوشتنت بکەمەوە.

چاوێکم بە ژوورەکەما گێڕا، شتێک لە بەر چاوما نەبوو کە ئەوی تێدا نەبینمەوە،گۆشەگۆشە پڕ بوو لە وێنەگەلێ کە دانەکوترابوون و لە هیچ جێگیەکی ژوورەکەما نەبوون و لە هەموو شوێنێکیشدا دەمبینین.

زۆرێک لە کتێبەکانم لە دەستی خۆی وەرگرتبوو، کتێبگەلێ کە زیاتر لە نیووەیانم هێشتا نەخوێندبووەوە. وەکوو جاران بێتەقە هاتبووە ژوورەوەکەم و لێوی لە پێش خۆی ناردبوو، دوایی چاو و دەستی هاتنە ژوورەوە ... لێوی پەلاماری لێوی دەدام و دەستی بەپرچمدا خۆی ئالاندبوو. بەتەما مەبە پەشیمانم کەیتەوە، وادەزانی بەوانە ئەم ئاگرەم دەکوژێنیتەوە؟نا... دەستەویەخە بووین، هێندە بەهێز بووی کە چەند جارێ بە عەرزتدا کێشام،بەڵام لە هەلێکدا چەقۆکەم کرد بە ژێرگەردنتا و وردە وردە شل بووی و لە بەر پێمدا کەوتی. هەڵمگەڕاندیەوە، بزانم بێهۆشی یا مردووی، خوێن لە ژێرتا جۆگەلەی بەستبوو، بەدەم هەنیسکلێدانەوە، هاوارم دەکرد، بەڵام کەس گوێی لە دەنگم نەبوو، دەنگی تەسبێحاتی دایکم دەهاتە گوێم.

بە دوو کەڕەت بردتمە حەوشە چۆڵەکەی پشت ماڵەکە و لە نێو دارەکانا چاڵێکی گەورەم بۆ هەڵکەندی،دەستم تەزیبوو و هەڵدەلەرزیم، کێشاتمە نێو چاڵەکەو گڵەکەم بەسەردا کردی.بەفریش خەریک بوو جێگاکەتی دادەپۆشی.

ئێستا هیچ ئاسەوارێک لە عەشق نەماوە و بۆنی قاوە لە ژوورەکەمدا هەست پێدەکەم. لۆپ تاپەکەم ئەکوژێنمۆ و سەیری منداڵە شەرمنەکەی نێو کۆڵانەکە دەکەم.

کۆڵانەکە سپی پۆش بووە و منداڵەکان تۆپەڵەشەڕێ دەکەن، لە سەریەک تۆپەڵەیان پێوە دەنام و لە جێی خۆم جووڵەم نەدەکرد، لەو ماوەی لە بەر پەنجەرەکە ڕاوەستابووم تەنانەت نەمدی تۆپەڵەیەک بە کەسەوە بنێت.

**شەرمین ساڵحی**



## «بووکەڵەم»

حیزب دەمامکی بۆ کڕیم، ئەمنیش کردمە سەری خۆم. بەیانیان کە هەڵدەستم، دەیکەمە چاوی مەستم. لێوەکانی دەمامکم، پێکەنێنیان وێ دەخەم. هەندی بڵێی یەک و دوو، بەرپرسان دڵ خۆش دەکەم. کە ئەرکم بۆ دیاری کرا، دەچمەوە سەر هێڵەکەم. بە وایە بەڵام بەڵام، جاش و باش دیاری دەکەم.

**ناسر فەتحی**



Nikita Upreti

**تێبینی:**

**خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگراما ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.**

# تیۆری:

## «شێوازی بارۆک»



یەکەم شێوازێک کە دەمەوێ لەسەری بدوێم، بارۆک دەبێ، بەم هۆیە کە تەنانەت بە شێوازیشی نازانن، لە زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان هەر باسیشی لێناکرێ یان زۆر بە کورتی بەسەریدا دەڕۆن، گرینگی باسی بارۆک لەوەی دایە کە ئێستا لە بەرهەمی زۆر بە پێزدا جێ پەنجەی وەدیار کەوتۆتەوە بەڵام بە هۆی نەناسراوی بارۆک رەخنەگرەکان ناپڕژێنە سەر ئەو بەشە کە بارۆک چیە و چۆن بە رۆژ کراوەتەوە؟

بە پێی ئەو زانیاریانەی کە هەیە بارۆک سەردێڕ و عینوانێکە کە لە دەسپێکەکانی سەدەی نۆزدە بۆ ئەوبەشـــە لە بەرهەمەکانی رابردوو لە نێوان سەدەی شازدە تا نێوان سەدەی هەفدە دەسنیشان کرا کە چۆنییەتێکی تـایبەت و ســـەمەرەیـان هەبوو، با ئەوەش بڵێین کە زۆربەی هەرە زۆری شـــێــوازەکــان لە ئەدەبــیــات دا قەرزداری مێعمارەکان و نەققاشـــەکانن، واتە پێشـــڕەو و داهێنەری زۆربەی شـــێوازەکان ئەو دوو بەشـــە بوون کە دوایە رەخنەی کردۆتە سەر ئەدەبیاتیش لە بـارۆک دا ســـەرەتـا مـێـعـمـارەکـان و پەیکەرتەراشـــەکـان بە پێی زەروورەتێـک کە کلیسـاکان هەستیان پێکردبوو، حەولیاندا کە بە مێعمارێکی ســـەمەرە و لەوپەڕی رازاوەیی و بە مقیاســـی زۆر گەورە کلیســـاکان و تەنانەت کۆشـک و تەلاری گەورەکانی وڵات وادارێژنەوە

کە مرۆڤ لە ئاستی وان سەری سۆڕ بمێنێ و هەست بە جیاوازێکی ئەوتۆ بکا، بە تایبەت ئەگەر سەرەنجوو دابێتێ میچەکانییان زۆر بە شێوەیەکی بەشکۆ بڵیندترە لە هەموو ساختومانێکی دیکە و زۆر هەست بە چکۆلە بوون دەکەین لە ئاستیاندا، هەروەها بو دیتنی پەیکەرە داتاشراوەکان دەبێ بە دەوریاندا بسوڕێین و جاروبار کتووپڕ دادەبڕێ و واهەست دەکەی چڕژێکی گەورە بە کردەوە کراوە کە هەموو ئەوانە دەبنەی هۆی ئەوەی کە جم و جۆڵ واتە حەرەکەتی بۆ ساز بێ.

لە ئێرانێش لە دەوری ناسرەدین شا دا ئەو مێعمارێ لە ویلای موعەیرولمەمالکدا خۆی بە باشی نیشانداوە. لەو شێوازەدا لە دەسکردی و ئیحساسێکی پڕ هەیەجان و خەیاڵاوی و غەیری رئال زۆر پەیرەوی دەکرێ وەک ئەوەی کە هەموو شت دەتوانێ خەون و خەیاڵ بێ و کلاسیکەکانیان دەبردە ژێر پرسیار کە بە پێچەوانە لە حەقیقەتێک دەگەڕان بۆ فام کردن و سەلماندنیان، کە وابوو لە بارۆکدا زۆر سەرنج دەدرا بە رواڵەت و حەرەکەت و فەخر و هەیەجان چونکە رێک نوێنەری بورژوازی بوون و هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەش بوون کە لە جیهانی هەبوون و هەستیدا هەرچی هەیە مەنسوخە و لە ژێر کاریگەری سیستمێکی بەهێزتردایە، قەوس و پێچ خواردنەوە و حەلەزوونی بوونی بەرهەمە کانیان و فریشتە و پەپولە و .... کە سەما ئاسایی بە جوانترین شێوە بە دەوری کلیساکانە دەبیندران هەمووی ئەنجامی ئەو بۆچوونانە بوو، تووشی تەناسوخ هاتن و چوونە لە بەرگ و رواڵەتێکی دیکەوە بۆ ئەوەی بکرێ بە حەقیقەتێک بگەیەوە.

لە ئەدەبیاتیشدا هەروەتر ساختارێکی زۆر قەوی لە شێعر و رەوایەت دا بە هێنانەوەی ئیستعارە و کنایە و تەشبیە و ..... کە زۆر واوەتر بڕوا لە شتەی بە عەینە لە گۆڕێیە.

لە فەرهەنگیشدا بارۆک بە مرواری نارێک مانا کراوەتەوە ، کە بە بڕوای من هێندێک لە باسی باڕۆک دوورە چونکە لە باڕۆکدا زۆر سەرنج دەدرێ بە داتاشین و تەسەننوعی کردن و بەرچاو کردنەوە و لەهەمان کاتدا پڕ جووڵە کردی بەرهەمەکە،

ساز کردنی ئەو هەمووە مەوج و قەوسە لە کارەکانی مێعماریدا و ئەم هەمووە ئیستعارە و کنایات .... لە ئەدەبیات دا دەبێتە هۆی ئەوە کە لە حاڵەتی سکون بێتە دەرێ و رەوان و بزۆز و سەیال بێ و لە ئاکامدا دەستەمۆ نەکرێ و تەئویلێکی ئاوەڵڵای لێبکەوێتەوە، رێک ئەو شتەی کە نووسەرانی پۆست مودێرن وەکوو بەختیار عەلی کەڵکیان لێوەرگرتووە و گواستوویانەتەوە نێو بەرهەمەکانیان هەڵبەت بە هێندێک ئاڵ و گۆڕێ چکۆلەوە. واتە بارۆک بە مێعمارییەکانی ویستی ئەوە نیشان بدا کە هیچ شتێک سوباتی نیە و هەموو شت بەردەوام لە ئاڵ و گۆڕ و بزووتنەوە دایە.

لە ئەدەبیاتی ئەوکەسانەی کە قالبی دوای مۆدێرنیان هەڵبژاردووە بە هەڵکەوت بێ یان ئاگایانە بابەتەکانیان هەڵگری ئەم بۆچوونە سوننەتی و ئەزموون کراوەی باڕۆک هەیە.

بزووتنەوە و ئیستحالەیەکی قووڵ کە لە دوای زۆریەک لە نووسراوەکانی نووسەرانی مۆدێرن و پوست مۆدێرن دەبیندرێ بێ شێوە نیە دەگەڵ ئەوکارەی نووسەرانی باڕۆک و مێعمارەکانیان لە ناوێنی سەدەی حەفدە و شازدەدا کردوویانە.

وردە وردە ئەم شێوەیە لە بارگای ئەشرافێکان و کلیسا راگوێزایە نێو چینی خوارێ و شێعریان پێ هۆندوونەتەوە و کتێبیان پێ نووسیون .

کەوابوو یەکەمجار ئەم تئۆرییە لە ئیسپانیا لە لایەن باڵتاسارگراسیان (١٦٠١-١٦٥٨)کە نووسەر و فیلسووف بوو هاتە گۆڕێ و کەسانێکی دیکەی وەکوو "گۆنگۆڕا " کە کەشیش و نووسەر بوو و "مارینۆ" شاعیری ئیتالیایی و لە پاشان زۆر کەسی دیکەش رەچاوی گرت؛ ئەم شێوەیە بە گومنامی مابۆوە تا لە سەرەتای سەدەی بیست فۆرمالیستکان ئاوڕیان لێداوە و نێودێریان کرد.

بە هێنانەوەی نموونەیەکی نووسراوەی باڕۆک تەواوی دەکەم:

من خەونێکم لە با و گوڵێکم لە هەوا بوونەوەرێکم کە پێم دەڵێن مێیینە، بەرگەکانم لە تەواوی رەنگەکان پێک هاتوون، بە تەواوی ئەڵماس و بەردە گرانباییەکانی جیهان، چاوێکم ئاوەڵلا و چاوێکم بەسراوە لە لایەک را لاوم و لە لایەک را پیر.... لێم دەپرسن ئەتۆ کێی؟ دەڵێم من مەرگم.... فۆرمالیستەکان باڕۆکیان شرۆڤە کرد و ناساندیان وەکی ئێستا ئێمە دەتوانین بڵێین باڕۆک چۆنە؟ دوای سەدەی بیست و تا ئێستاش ئەم شێوە نووسینە هیچکات وەکوو سەبک و شێواز وەرنەگیرا، هەرچەن جێ پەنجەی لە سەر هەموو سەبکەکانی دوای خۆی کەمتا کورتێک دیارە، ئەگەر ورد بینەوە بۆ نموونە لە مینیاتۆڕەکانی ئێرانی، یان لە هێندێک نووسراوەکانی سوررئالیستەکان، دادائیستەکان و ..... هەمووی شوێن پەنجەی باڕۆکیان پێوەدیارە ، لە دوای سەدەی بیست ئەوانەی راستەوخۆ لەسەر باڕۆک لێکۆڵینەوەیان کرد و "والڤالین" نووسەری ئاڵمانی١٩٤٥-١٨٦٤ بوو لەم دوایانەشدا بە شێوەیەکی تازەتر ساختارگەراکان کاریان لەسەر کردووە و وتاریان لەسەر داوە کە گرینگترینیان ئەو سێ وتارەن دنیای پشت و روو ـ عوقدەی نارسیس ـ زێر وەبن ئاسن دەکەوێ. و لە بەشێک لە وتاری پشت و روو دا ئاوای نووسیوە:

دنیا یەک شانۆیە. ئەم بۆچوونە بێ شک بۆچوونێکی دیکەشی بە دوادادێ کە ئەو لەسەر سنوورێکی دیکە لە بوون رادەگرێ، هەر هەمان بۆچوونێک کە "کاڵدرۆن" کردوویە بە سەردێڕی یەکێک لە نوسراوە کۆمێدێکانی خۆی و دەڵێ: ژیان خۆلیایە. دیالێکتیکێکی تێکچنراو و ئاڵوزە لە خەون و وشیاری، لە راستەقینە و خەیاڵ ، لە عەقڵ و شێتی کە تەواوی بیرۆکەکانی باڕۆک سەر و بن دەکا. بە دوای ئەم سەرشێواوییەی ئەوڕۆ دنیای نوێ بە دوای ئیکتشافاتی خۆیدا سازی کردووە بۆتە هۆی ئەوە کە هەر ئەو قسەیەی باڕۆکییەکان بکەینەوە کە دەیان کوت دنیای ئێمە بەردەوام رواڵەتی دەگۆڕێ و کێ دەتوانێ بڵێ ئەوە یەکەمین و دوامین دنیای ئێمە دەبێ، لە راستیدا ئێمە ئەو شتەی پێمان راستە

قینەیە هەمووی وەهم و خەون و خەیاڵە بەڵام دیسان کێ دەتوانێ بڵێ ئەوانەی دەیبینین وەکوو خەون و خەیاڵ، هەر هەماو راستە قینە نەبن.....لە کۆتایی ئەو وتارەی دا ئەم نووسەرە دەڵێ: لەوانەیە هەبوونی ئێمە هەر بە هەمان رادە قابیل بە پشت و ڕوو کردن بێ کە لە رابردوودا ڵە شێعری شاعیرانی بارۆک دا دەمان دیت.

ئەوەش نموونەیەکی دیکە لە شێعری باڕۆک لە رابردوودا:

ئەم رووبارە بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ

مانگایەک وەسەر بورجی ناقوس کەوتووە

ئاگرێک لە ناخی سەهۆڵەوە گڕ دەگرێ

هەتاو رەش داگیرساوە....

وەکی دەبینین  لە چەشنی ئەم شێوە نووسینە ئێستاش بە تایبەتی لە رۆمانەکاندا کەم نین، کە وابوو ئەگەرچی وەکوو سەبکێکی تایبەت قەت خۆی بەدەستەوە نەدابێ بەڵام دیارە شێوازی باڕۆک بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەستەبەر نەکراوە و لە هەمان کاتێشدا سەیال و بەردەوامە و لە هەموو ئەو ساڵانەدا خۆی هێناوەتە پێش.

بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان کەیفییەتی نوسراوەکانی باڕۆکییەکان و ئەوانەی لە دنیای پۆست مۆدێڕن کەڵکی لێوەردەگرن ، وەربگرین دەبێ چەن شتمان لە بیر بێ:

ـ دنیای سەدەی شازدە و هەفدە دنیای دەسەڵاتی کلیساکان واتە ئایینە، ئەو تەناسوخەی باڕۆکی سەدەی هەفدە باسی دەکا لە ژێر کارگەری ئایین و سیستەمێکی باڵادەستی وەکوو کلیساکانە کە کەشیشەکان دەیانگوت  بەشەر ، دنیا ناپایەدار و ناسەقامگیرە، ئێمە بەدنیا دێین، دەمرین و دووبارە دەژینەوە....  لە دنیای ئەودەم دا خەیاڵات و خۆڕافات بە پێی کەم بوونی ئیکتشافاتی مرۆڤ و نەبوونی زانیاری لەسەر دیاردەکانی جیهان، بەسەر زانستی بەشەردا زاڵ بووە و ئەم خەیاڵاوی بوون و سەمەرە بوونی ئەم تەوەهوماتە لە بەرهەمەکانی ئەودەم زۆر بەرچاوترە، لە دنیای ئەوڕۆدا تاڕادەیەک ئیکتشافات جوابی زۆر پرسیاری داوەتەوە و وزەی زانست خۆڕافەی وە بن خۆی خستووە، بەڵام بەردەوام ئەم جم و جۆڵ و ئاڵ و گۆڕەی بەسەر هەموو تاریفەکاندا دێ و لانی کەم ناهێڵێ زۆربەی زانیارییەکان لە تاریفێکدا سەقامگیر بن، ئەو بۆچوونەی باڕۆک بە رۆژ و ئابدێد دەکاتەوە کە هیچ شتێک ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر سەقامگیر بێ و کێ دەتوانێ بڵێ ئەو رۆاڵەتەی ئەوڕۆی دنیایە لە دوارۆژیشدا هەر ئەوە دەبێ؟؟؟؟

**مریەم قازی**

# چیرۆکی میوان:

## «ڕەشنووسی بۆشایی»

ڕۆژ بوو، بەڵام تاریکییەکی تاڵ لە زەینما تێکەڵ و پێکەڵ بوو. دایکم بە ڕوخسارێکی پەرێشانەوە لە پەنجەرەکە دەڕوانێ. من لە ئەفسوونی ئەمڕۆ دەترسام. کزەبایەکی سارد لە ژوورەکە ئەهات و ئەچوو. دایکم جارنەجارێ دەیزریکاند و قژە زەردەکانی ئەجاوی.

سەرما و سۆڵەیەکی ناوەخت، هەموو گوڵی کراسەکەمی ڕچاند و دەنکەدەنکە دایوەران. دایکم وتی: چ هاوینێ فێنکێ! من دڵنیام قفڵی لە ناخمدا ژەنگی هێناوە. لەم تەمە چڕوپڕەدا هیچێ نابینم، بە غەیری خاڵۆ سەیفە وەک دەعبایەک لە بەر ئاوێنەکەدا ڕدێنی زروی خۆی سوور دەکا.

لە مەملەکەتی میز و ڕەشاییدا گیرم کردبوو. گوێم شل کرد، خاڵۆم بە جیرەی ناحەزی پووتینەکانی لە پلیکانەوە سەرکەوت. سوێلی بە ددانە قیزەونەکانی دەجوی و من بێزم دەهات. حەوزەکە لیپاولیپ بوو لە گەڵا و ماسی. ماسییەکان لە سەر گەڵاکانا ئەخزانە ناو دەسشۆرەکە. سەیفە پووتینە قوڕاوییەکانی لە سەر قاڵیەکە ئەنا و کرمگەلی جۆراوجۆر لە قوڕەکە ئەهاتنە دەرێ و ئەتلێقانەوە. خاڵۆ سەیفە بۆنی ڕێقنەی ئەهات، بەڵام دایکم دەموپلی ئەلێستەوە. سەیفە وتی: دارێیە سەگباب وەک ژنی حیز خوەی دارقەواخ کردووە.

دایکم میاواندی: ئۆخەی! هەناسەیەکی درێژی دایە دەر و بۆدڕنی ڕێقنە ئەو ناوەی گرتەبەر. دایکم وتی: لە کوێ بە خێرییەت میزاندوویە خوەیا؟ خاڵۆم وتی: هەر لەم کەلاوە، دوێنێشەو. ئەکەنین و ددانە زەرد و پیسەکانیان کەوتنە دەر و من ڕشامەوە. ڕامکرد و لە پشت درگاکەوە خۆم داشارد و میزاندمە ناو شواڵەکەما. هەستێکی تێکەڵ و پێکەڵ بوو.

دوای ئەو حەزە گەرم و تاڵە دایکم هەمیشە ڕانمی بە نقورچک لەتوپەت ئەکرد و من فێنکی و ژانی ڕانمم لە ژێر پەنجەی گەرمی دایکم پێ خۆش بوو. خۆشییەک تێکەڵ بە ئازار.

دایکم ئەینووزاندەوە و ئەپریقایەوە. لە ئامێزی سەیفەدا وەک مار دەیفیشکاند و وتی: ئیتر هەر خوەمانین. خوا یار بێ ئیتر ئەم ماڵە و من هی تۆین سەیفەگیان. خەڵک وەکوو کەروان، هیچ لە خۆشەویستی من و تۆ نافامن و قسەی حەلەق و بەلەق ئەکەن.


سەرم گێژی دەخوارد. شڵەژاوتر لە هەر کاتێ بە پێی دزە خۆمم گەیاندە ناو کۆڵان و ڕشامەوە. بەرەو کەلاوەکە لارەوە بووم. ناو زگم لوولی ئەخوارد. یەکێ بانگمی کرد؛ کا پاوشا بوو. کا پاوشا پیاوێکی مێهرەبان و پاڵتاو لە بەر بە زستان و هاویندا پاڵتاوەکەی لە بەریا بوو. پێستی دەستی وەکوو درک وابوو بەڵام هەمیشە بۆنی گەلامێوی دەهات. منی خۆش ئەویست.

کا پاوشا وتی: سەماگیان! دوێنێشەو زریکاندت زانیم، بەڵام ئەبێ ژیر بیت. دەسم لە ناو لەپی کا پاوشا دەرهێنا و هەڕامکردە ناو کەلاوەکە. لەو مژە کەتانیەکانی بابام لە بان سەرم بوون و ئیدی شتێکم نەدی. دیوارێ لە دڵما تەپڵەی کرد و وەک هەور گرماندی و ڕما. دڵۆپێک تۆخ تکایە ناو دەمم. دیسان ژان و پێچی ناو زگم و ڕشامەوە. نازانم ئەو هەموو لمە لە ناو زگما چی بوو؟ کا پاوشا وتی: تف لەو داوێن پیسە! تف لەو گەوادەی سمێڵ حیزە!

بێدەنگی و خامۆشییەکی لاڵ، چوار شەو لەمەوپێش هەموو گیانمی گرتەبەر. لە سەرما ڕاچڵەکیم. دایکم لە ژوورەکەدا نەبوو. سکڵی قلیانەکە چزەی دەهات. لە بیرم نەو بابام لە سەفەرە و نابێ بچمە ناو ژوورەکەی. ئەو ژوورە هەمیشە نیمچە تاریک بوو بەڵام وەها بوو بیرت دەکردەوە گڵۆپێکی تێیدا هەڵکراوە. کۆترەکەی بابام باڵێکی ڕەش و باڵێکی سپی بوو. نەخشەیەک لە سەر باڵە سپیەکەی بوو. سەیری دەریام ئەکرد کەچی تەنیا یەک شەپۆلیشی دیار نەبوو. سەیری دارستانم ئەکرد، یەک گەڵایشی نەدەجوولا بەڵام کێوەکان ئەتەقینەوە و سوورسوور هەرەسیان دەکرد. تەواوی ساتە خۆشەکانم لەم ژوورەدا بوون.

لە ژوورەکە هاتمە دەر و دەرگای باڵەخانەکەم کردەوە. سێبەرێکی زەلامم لە سەر دیواری حەوشەکە بینی بەرەو پەنجەرەکە دەهات و هەر گەورەتر دەبواوە. ڕامکرد و قیژاندم. دایکم لە حەوشەکەوە میاواندی: وس بە دەڵەشێت! لە پلیکانەکان هاتە سەر. هەناسەی بۆنی ڕێقنەی لێ ئەهات. دیسان میزاندمە خوەما و هێور بوومەوە. دایکم پووکاوڵێکی نایە ناو چاوما. یەخەی کراسەکەی دادڕیابوو. هەڵمێکی ڕێقنەیی لێ دەهاتە دەر و ئازاری ئەدام و ئیدی دەمزانی ئەو شەوانەی وا سێبەرەکە بەرەو پەنجەرەکە دەهات، دایکم منی بەجێدەهێشت و ئەچووە ژێرزەوییەکەوە. زاتم نەئەکرد لە جێگەکەم بجووڵێم. لەو کاتەوە فێر بووم ناونیشانی فرمێسکەکانم بگۆڕم و هەستەکانم داشارم.

چـاوم لە شـەوژەنەکە بـوو. ئەمزانـی بابـام هـاتووتەوە. هەمیشـە بەرلەوەی بابـام بێـتەوە، بـۆنی یـاس تەواوی کـۆڵانی دائەپۆشـی. چـاوم ڕەشکەوپێشـکەی ئەکـرد بەڵام نەخەوتـم. دایکـم لە ژێرزەوییەکەدابـوو، بابـام لە سـەر بـانەکەوە هـاتە خـوار و مـن باوەشـم پێیـا کـرد. گـوتی: هێـواش، هێـواش. دەنـگ مەکە بـا کەس هەتـا بەیـانی نەزانـێ. بابـام لە سـەر یەک جـگەرەی دەکێشـا. نیگاکـانی جـۆرێکیتر بـوون، بەڵام مـن دڵشـاد بـووم. لە ئامێزیـدا ئـۆقرەم گـرت. بابـام سـەیری قـوولایی دەکـرد. پێڵووەکـانم قـورس بـوون و خەوم لـێکەوت. هـیچکەس دەرەقەتـی ئەو تـاریکییەی وا



Sanya Kantarovsky

لە دایکما بوو نەئەهات. من سەیری تارماییم دەکرد. لە پشت وێنەکەمدا ددانی عەقڵم کەوتبوو. باشاری ئەو ساتە تەلیسماویانەم نەئەکرد وا لرخەلرخی مەرگ لە هەناسەی بابامدا کاتی ئەبردە سەر. بەیانی بە خەبەر هاتمەوە. حەوشەکەمان پڕپڕ لە ڕەنگی ماسی و بۆنی یاس. کاغەزێ بە خەتی بابام لە ژێر پێخەفەکەمدا خووساو و تەڕ نووسرابوو: کوێنەی ئەم ژیانە چراخان کەم؟! درگایەک نیە بمکاتەوە سەماگیان! لەو ڕۆژەوە وەکوو ئاوێنەیەک شکاو هەزار کەرتم تێدایە. مژ، ئاسمانی کەلاوەکەیگرتبوو.

ئەو ڕۆژە لە هەموو ساتەکانی ژیانمدا ئامادەبوونی تەواوی هەیە. نە هەور ئەباری و نە خۆریش دەرئەکەوت. بابام هەڵواسرابوو.من لە لای مەرگەوە بۆ ئەم ژیانە شۆڕبوومەتەوە. بزەی دایکم هێق ئەکەمەوە، شیری مەمکەکانی هێق ئەکەمەوە، نەفرەتم لەو سوێڵە سوورەی گەواتەیە و نامۆیی خۆم هێق ئەکەمەوە. دایکم بە مانتۆیەکی زەرد و نووساو بە ئەنامیەوە، لە حەوشەکە چاوەڕوانی سوێڵ قەیتانیەکەی بوو. ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، سێ ڕۆژ و ... هەر نەهات. دایکم شەوانە لە کەلاوەکەدا دڕکی ئەچاند و ڕۆژێکیش بۆ دواجار میاواندی و نینۆکەکانی لە کەلاوەکەدا بەجێهێشت. خۆشی دنیا سەری تێکردم. دایکم میاواندی و وتی: داوەشی دەڵەسەگ! میزانتە ناو دەموپلما. من لەو تاریکییەدا شواڵەکەم هەڵکێشا و نەموێرا لا بکەمەوە. گۆڕستان بەینێکە دایکمی لە سەر کورسییەک داناوە و قوڕێکی ڕێقناوی لێ دەچۆڕێ.

**سروه مەجیدی**



Shridhar manvi